# دنیای منداڵان

١٥٧

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

چیرۆک

فێرگەی وێنەکێشان

جۆراوجۆر

قسەی خۆش

شێعر

کاردەستی

زانیاری


سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا
وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

دیزاین: دایکی نارین



پەیوەندی:

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

# خۆپاراستن لە گەرمای وەرزی هاوین

منداڵە ئازیزەکانم! ئەوکاتەتان شاد،هیوادارم هەتا ئێستا بە خۆشی و شادی پشووی هاوینتان بردبێتەسەرە.

کوردستان، وەرزی هاوین زۆر گەرمەو چەندین پەتا و نەخۆشی لەو وەرزەدا بڵاودەبێتەوە. بۆیە ئێوە دەبێ زۆر بە باشی ئاگاتان لە خۆتان بێ. خۆتان وەبەر تیشکی راستەوخۆی خۆر نەدەن، هەتا ئەوکاتە کە هەوا فێنک نەبێ لە ماڵ نەچنە دەر. کاتێکیش لە ماڵ دەچنە دەر، دەبێ لە کرێمی دژە خۆر و هەروەها چاویلکە کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی پێستی دەموچاوتان نەسووتێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی لەشتان تووشی کەم ئاوی نەبێ، دەبێ بە رادەی پێویست ئاو بخۆنەوە و شەربەت و میوە ئاوەکیەکان بخۆن.

بە هۆی گەرماوە ئارەقەیەکی زۆر دەکەن، بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی پێستی نەبن دەبێ هەموو رۆژێک خۆتان بشۆن. هەرکاتێکیش تووشی گەرماژۆیی بوون بە زووترین کات سەردانی دکتور بکەن هەتا چارەسەریی پێویستتان بۆ بکرێ.

بە هیوای ساغ و سلامەتی بۆ ئێوە خۆشەویستان.

شیلان








شێل سیلوێر ئەستاین نووسەر، ئاهەنگساز، فیلمنامەنووس و کاریکاتۆریستی بە ناوبانگی ئەمریکایی لە ٢٥ی سێپتامبری ساڵی ١٩٣٠ لە ئەیالەتی شیکاگۆ لە دایک بووە.

ناوبراو هەر لە تەمەنی منداڵیەوە دەستی بە کاری وێنەکێشانو نووسین کردوە، دواتر لە تەمەنی لاوەتیو لە ساڵی١٩٥٠دا کارەکانی لە زۆربەی گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەوکات بڵاوبۆتەوە.

هەرچەندە زۆربەی خەڵک وابیر دەکەنەوە کە شێل سیلوێر ئەستاین تەنیا نووسەری کتێب و شێعری منداڵان بووە بەڵام ناوبراو تەنزنووسیش بووەو بە هۆی نووسینە تەنزەکانی زۆربەی خەڵک پێشوازیان لێکردوە. کۆمەڵێک لە نووسینەکانی بریتین لە:

شانۆنامەی بانووو بەبر،داری دڵاوا، پارچەی ونبوو، لافاکادیۆ، زەرافە و نیوێک.

شێل سیلوێر ئەستاین لە ١٠ی مەی ساڵی ١٩٩٩ بە هۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

مەتین

## ئێوەش «ناتوانم» لە خاکدا بنێژن!

ماموستایەکی ئەمریکی، بە ئەنجامدانی کارێک ناوی کەوتە هەموو کتێبە پەروەردەییەکانەوە. هەموو ئەوانەی لە زانکۆ پەروەردەییو، سایکۆلۆژییەکان خوێندوویانە، ناوی ئەو ماموستایەیان بیستووە. ماموستایەک کە ئەزموونی ٢٨ ساڵ کار کردنی ماموستایەتی هەبووە و ناوی دیانا جامپ»ە.

ماموستاکە بە کارتۆنێکی بەتاڵی پێڵاوەوە چووە نێو پۆلەکەوە و کارتۆنەکەی لەسەر یەکێک لە مێزەکان دانا و بە منداڵەکانی گوت: «منداڵەکان! ئەمرۆ، «ناتوانمەکانتان» یا بە شێوەی نووسین یا بە شێوەی نیگارکێشانەوە بێنن و لەو کارتۆنەی بخەن کە لەسەر مێزەکەی منە».

«ناتوانم بە باشی یاریی فوتباڵ بکەم»، «ناتوانم پایسکیل لیٚبوخرم»، «ناتوانم بە باشی وانەی بیرکاری فێر بم»، «ناتوانم لەگەڵ رەفیقێکم، کە شەرم لەگەڵ کردوە، ئاشت ببمەوە»، «ناتوانم لە ماڵەوە رۆژی ٣ جار لەگەڵ براکەم شەر نەکەم». منداڵەکان دەستیان کرد بە نووسین و کێشانەوەی «ناتوانم»ەکانیان، ماموستاکە بۆخۆشی «ناتوانم»ەکانی خۆی نووسی و دواتر هەموو «ناتوانم»ەکانمیان لە کارتۆنە بەتاڵەکە خست.

دوای ئەوەی هەموو «ناتوانم»کانمیان خڕکردەوە، ماموستاکە گوتی:-
«منداڵەکان، با بچینە باخچەی خوێندنگەکەمان».

لە باخچەکەدا دەستی دایە پێمەڕەیەک و چاڵێکی هەڵکەند و گوتی:- «ئەمرۆ «ناتوانم»کانمان لە ژێر خاکدا دەنێژین». ناوەرۆکی کارتۆنەکەی خستە چاڵەکەوە و بە پێمەڕەکە خۆڵی بەسەر دا کرد. دواتریش منداڵەکان بە شێوەی ئاییني مەسیحی دەستی یەکتریان گرت و ماموستاکەش وەک قەشەیەک دەستی کرد بە قسە کردن.

«ئێمە ئەمرۆ لێرە بە یادی کۆچکردوو «ناتوانم» کۆبووینەتەوە و هیواداریین ئەوەی لە دوای ئەو بە جێ دەمێنێت تەنیا «دەتوانم» بێت و «دەتوانم»یش وەکو «ناتوانم» بەناوبانگ بێت و هەمیشە لەسەر زمانمان بێت و، «ناتوانم»یش لە




ئارامگەی هەمیشەیی خۆی بە ئارامی بمێنێتەوە».

دوای هەموو ئەمانە منداڵەکان کە هاتنەوە پۆلەکەیان بینییان کەیکێک و ئەو هەموو شیرینی و چیپسە لە سەر مێزێک دانراوە، لە نێوەڕاستی کەیکەکەدا لەسەر کارتۆنێک نووسراوە:- پرسە و سەرەخۆشیی «ناتوانم».

دوای ئەوەی کەیکەکەیان خوارد، مامۆستاکە کارتۆنەکەی لە تەنیشت تابلۆکانی دیکەی پۆلەکەیان هەڵواسی.

لەو کاتە بە دواوە هەر خوێندکارێک جا بە هەر هۆیەک با گوتبای «ناتوانم» مامۆستا دیانا پێدەکەنی و دەستی بۆ تابلۆکە ڕادەکێشا و دەیگوت ناتوانمەکانمان ناشت. ئیدی منداڵەکانیش قسەکەی خۆیان وەردەگرتەوە و لە ئەنجامدانی ئەو شتانەی دەیانویست بەردەوام دەبوون. لە کۆتایی ساڵ دا، خوێندکارەکانی مامۆستا دیانا بەرزترین نومرەی زانستییان وەرگرت.

**هانا وریا**



# نووسین

دەنووسم لەسەر ئاوێتە
نیشتمانمە ئەم شوێنە
دەنووسم لەسەر گوڵی جوان
خۆشمدەوێ نیشتمان
دەنووسم لەسەر دیوار
چەندە جوانە خۆری پڕشنگدار
دەنووسم لەسەر بیابان
چەند خۆشە ئاوی سیروان
لەسەر داری دارستان
دەنووسم ناوی شەهیدان
دەنووسم لەسەر بەرانان
جوانترین وڵاتە کوردستان

لەتیف هەڵمەت

## منداڵینە! بزانم ئێوەش دەتوانن ئاوا خوێن‌شیرین بمکێشنەوە؟!








# تەلیسە ئاردو مشکی بچووک

کاک محەممەد کرێکاری نانەواخانە بوو هەموو بەیانیان ئۆتۆمبێلێکی گەورە پڕ لە تا ئارد دەهاتە بەر دەرگای نانەواخانەکەو ئاردی بۆ دەهێنان. کاک محەممەدیش لە خەوێ هەڵدەستاو تا ئاردەکانی دادەگرت. دایکی کاک محەممەد چەند رۆژێک بوو کە نەخۆش بووو دوکتورەکان بە کوڕەکەیان گوتبوو کە پێویستی بە عەمەلیاتەو پارەیەکی زۆریشی دەوێ. وەک هەموو رۆژەکانی دیکە ئۆتۆمبێلەکە ئاردێکی زۆری هێناو لەبەردەرگای ئەو نانەواخانەیە بەجێیهێشت.

ئەو کاتەی کاک محەممەد خەریک بوو تەلیسە ئاردەکانی دەگواستەوە، مشکێکی بچووک دەرپەڕی و خۆی بە نانەواخانەکە دا کرد، کاک محەممەدیش کەوتە شوێنی، بەڵام مشکە غەیب بوو، کاک محەممەدیش وەک ئەوەی هەر مشکی نەبینیبێ، هەموو تەلیسەکانی بردە ژوورێ و هەر بیریشی لەو مشکە دەکردەوە. پێی وابوو چاوی هەڵەی کردوەو ئەو شوێنە مشکی لێنییە، ئەو ڕۆژە دەستی بە نان کردن کردو دیسان بەیانی رۆژی دواتر مشکە خۆی نیشان داو غەیب بوو!

چەند ڕۆژ ئەو مشکە کایەی بە کاک محەممەدی بێچارە کرد، ڕۆژێک کە زۆر لە فکری نەخۆشینەکەی دایکی دابوو، دانیشت و پارەکانی ژمارد بزانێ بەشی عەمەلیاتەکەی دایکی دەکا یان نا! لەو کاتەدا سەرو سەکوتی مشکە پەیدا بوو، بەشیک لە پارەکانی بە دەمەوە گرت و رای کرد و کاک محەممەدیش بە دوای دا رای دەکردو دەیگوت: تکایە پارەکەم بدەوە، پارەکەم بدەوە مشکی خراپ!

مشکە خۆی لەناو کەلوپەلێک دا حەشار دا کە چەندین ساڵ بوو کاک محەممەد هیچ کەڵکێکی لێوەرنەگرتبوون، کاک محەممەد هەموو ئەو کەلێنو قوژبنانەی لێ کرد، بەڵام مشکەی نەدۆزییەوە. لە نەکاو کیسەیەکی دۆزییەوە پڕ بوو لە زێڕ، سەری سووڕمابوو، بیری لەوە دەکردەوە کە بە فرۆشتنی ئەو هەموو زێڕە هەم



دەوڵەمەند دەبم و هەم دایکم چارەسەر دەکەم، دواتر بەڵێنی دا پاش چارەسەر کردنی دایکی وردە وردە زێڕەکە بکڕێتەوەو بیخاتەوە ناو کیسەکەو لە شوێنی خۆی داینێتەوە.

ڕۆژی عەمەلیاتی دایکی گەیشت و کاک محەممەد چەند پارچەی لەو زێڕانە فرۆشتو بەرەو نەخۆشخانە وەڕێ کەوت، دایکیان عەمەلیات کردو کوڕەکەی ڕۆیشت کە پارەی عەمەلیاتەکە بدا بە دوکتورەکان، پرستارەکە گوتی کابرایەکی خێرخواز پارەکەی داوە. کاک محەممەدی بەساڵاچوو نەیدەزانی لە خۆشیان چی بکات! دیسان چووە زێڕفرۆشی و زێڕەکانی لە کابرا وەرگرتەوەو لە جێی خۆی دانایەوەو سپاسی خوای گەورەی کرد.

دارشتنەوەی: مینا

Hi every body سڵاو منداڵەکان

وانەی ئەمجارەمان تایبەت بە مانگ  و ڕۆژی لە دایکبوون

(Month &  Birthday)

| January | February | March | April | May | June | July | August | September | October | November | December |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژانویە | فێوریە | مارس | ئاپریل | مەی | جون | جولای | ئاگوست | سێپتێمبر | ئۆکتۆبر | نوێمبر | دێسێمبر |



When is Christmas?

کەی کریسمەسە؟

Christmas is in December.

کریسمەس لە دێسێمبردایە.

When is your birthday?

کەی ڕۆژی لەدایکبوونتە؟




My birthday is on June 29 th.

ڕۆژی لە دایکبوونی من ٢٩ی جونە.

My birthday is on Januarry 30 th.

ڕۆژی لە دایکبوونم ٣٠ ژوئەنە.

بەو ژمارانەی خوارەوە دەلێن

(Ordinal numbers )

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5th | 4th | 3rd | 2nd | 1st |
| Fifth | Fourth | Third | Second | First |
| پێنجەم | چوارەم | سێهەم | دووهەم | یەکەم |

کاوە ئاهەنگەری

## منداڵینە بزانم کێ بیرکاری زۆر باشەو جوانترم دەڕەنگێنێ؟!



### قایمیی تانی جاڵجاڵۆکە چەندەیە؟

لەسەر قایمیی تانی جانجاڵۆکە حەتمەن زۆرتان بیستوە.
تانی جاڵجاڵۆکە لە مووی سەری مرۆڤ ناسکترە، بەڵام لە بە هێزترین مەوادەکان پێک هاتوە. هەر بەم هۆیەوەیە کە زانایان پێی دەڵێن : تانی ناسکتر لە موو و بەهێزتر لە پۆڵا.
تانی جاڵجاڵۆکە ئەوەندە بە هێزە کە لە بەرامبەر با و بارانی زۆر بەهێزیشدا دەتوانێ خۆی رابگرێ. جاڵجاڵۆکە بە هۆی ئەم تانەوە دەتوانێ راوی خۆی بکا و بە کەیفی خۆی شت بخوا.





## نا بۆ شەڕ

دنیای ئێمە شیرینە
قاقایە پێکەنینە
بەزم و ڕەزم و هەرایە
گۆرانی و هەڵپەڕینە










ئایا دەزانن رەنگی سپی ئارامی بە مێشهەنگوین دەبەخشیو رەنگی قاوەیی تووڕەی دەکات؟!



ئایا دەزانن کێشی مووی سەری هەر مرۆڤێک لە هەموو تەمەنیدا هاوتای کێشی ٢ فیلی ئەفریقاییە؟!



ئایا دەزانن خۆر بچووکترین ئەستێرەی دنیایە؟!



ئایا دەزانن زۆربەی مارەکان ٦ ریز ددانیان هەیە؟!



ئایا دەزانن کوندەکان ناتوانن چاویان بسووڕێنن؟!



ئایا دەزانن فیلەکان رۆژێ ٦٠ دەبەی گەورە ئاوو ٢٥٠ کیلۆ وێنجە دەخۆن؟!

ئا: نارین کەنکاش

منداڵەکان! تکایە یارمەتیم بدەن با سەرکەوم!





لە وڵاتی کینیا زەڕافەیەکی زۆر سەیر هەیە کە سێ سەری هەیە!



کۆمەڵێک لێکۆڵەرەوە لە زانکۆی کوینزلاند تاقیکردنەوەیان لەسەر ١٠هەزار منداڵ ئەنجام داوە و بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو منداڵانەی مەلە دەزانن زیاتر بڕوایان بە خۆیان هەیە.
هەروەها لێکۆڵەرەوەکان ئەوەشیان ئاشکرا کردوە کە ئەو منداڵانەی کە مەلە دەزانن لە خوێندندا زیرەک و بە توانان.



پسپۆرانی خۆراک ئاشکرای دەکەن کە خواردنی ماست تەنها سودی بۆ جەستەی مرۆڤ نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر باری دەروونییش دەبێت و هەستی دڵخۆشیت پێدەبەخشێت.




ئەندۆمی دەبێتە هۆی درستبوونی گرفتی دواکەوتنی بیرکردنەوە و بێهێزی، هەروەها نەخۆشیی دەمارەکان و دەرونییەکان دروست دەکات. هەروەها شێرپەنجەی مۆخ و سکچوون و ئازاری ناو سک و قەڵەوی و بەرزبونەوەی فشاری خوێن دروستدەکات.



پزیشکییەکان بادام سوودێکی پزیشکیی یەکجار زۆری هەیە، یەکێک لەو سوودانەش ئەوەیە کە بادام ڕێژەی شەکر لە خوێندا کەم دەکاتەوە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان ئەو ڕاستییەیان ئاشکرا کردوە کە خواردنی بادام دوای ژەمە خواردنەکان ڕێژەی شەکر لە خوێندا کەم دەکاتەوە.

منداڵینە جارێکی دیکەو بە هەواڵی نوێترەوە دێینەوە!

**کۆکردنەوەی: دایکی نارین**

# سوودەکانی قەیسی

قەیسی میوەیەکی هاوینەیە. نیشتمانی سەرەکیی قەیسی، وڵاتی چینە کە ئێستا بە شێوەی خۆڕسک لەو وڵاتە دەڕوێ، و لە سەرەتاکانی سەدەی یەکی میلادی بۆ وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و ئورووپا هاوردە کراوە. بەرزیی داری قەیسی دەگاتە ٦ میتر.

**سوودەکانی قەیسی**





- قەیسی، بڕێکی زۆری ڤیتامین A و C پۆتاسیۆم و فیبری تێدایە، کە یارمەتی کەمکردنەوەی چەوریی خوێن دەدا.
- قەیسی، بڕێکی زۆری ماددەی ئاسنی تێدایەو خواردنی بۆ ئەو کەسانە کە تووشی کەم خوێنی دەبن زۆر بە سوودە.
- بە هۆی بوونی ماددەیەک بە ناوی ئەسید سالیسیلیک، قەیسی سوودێکی زۆری هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جمگەکان.
- میوەی قەیسی فێنک و ئیشتیاهێنەرە.
- دێمکراوەی گەڵای قەیسی بۆ چارەسەی سکچوون زۆرباشە.
- بەکارهێنانی ڕۆنی دەنکە قەیسی بۆ لە نێوبردنی کرمی گەدە و کرمی ریخۆڵە زۆرباشە.

خواردنی قەیسی بۆ ئەو کەسانە کە ئازاری گەدەیان هەیە زۆر باش نیە هیچکات نابێ پێش ژەمەخواردنەکان قەیسی بخورێ چونکە ڕێگری دەکا لە هەزمی خواردنەکان.

پەیام

خنجیلەکان! لەپێشدا جیاوازییەکانم ببیننەوە، پاشان بمڕەنگێن!









# پاشایەتیی

سمۆرەیەکی چکۆلانەو جوان چووە لای مام شێرو پێی گوت: جەنابی پاشا! بە ناوی هەموو دانیشتوانی دارستانەکەمانەوە هاتوومەتە لای جەنابت بەڵکوو لە چەنگی ئەو پڵینگە دڕندەیە رزگارمان بکەیت کە رۆژانە شاڵاومان بۆ دێنێت و ئازارمان دەدات.
شێر نەڕاندیو وتی جا من چ ئیشم بەو کارانە هەیە؟!
من پاشای دارستانم.
سمۆرە وتی: هەموو رۆژێک چەند ئاژەڵێکمان لێ دەخوات.
پاشا وتی: بەرەنگاری ببنەوە!
سمۆرە وتی: گەر بمانتوانیایە بەرەنگاری ببینەوە نەدەهاتینە لای جەنابت.
پاشا وتی: ئەو کارانە بە پاشا ناکرێت،من تەنیا پاشایەتیو گەورەییم پێدەکرێ. سمۆرە پێی وت: قوربان جەنابی پاشا! گەورەیی تەنیا ئەوە نییە کە پاشای دارستان بیت، پاشایەتیو گەورەیی ئەوەیە لە دەست دوژمن رزگارمان بکەیت.

**گرفتار کاکەیی**






ئەوە پێری ڕۆشتبووم بۆ مەریخ بۆ قەزای سەیسایەق سەر بە گوندی مەریخی خوارو بۆ سەردانی نەنکی دایکی پووری خوشکم. ڕۆشتمە دەرەوە جەوێ بگۆڕم یەک هەوای فێنک و خۆشی ئەهات، بەس خوا بزانێ لەناکاو تەپو تۆزی دروس بوو چاو، لووتی نەئەبینی! منیش ئاورێکم یایەوە بزانم چخەبەرە سەیرەکەم یوفۆیە لەنەکاو لەناو لامبۆرگینیەکەی دابەزی هەڕەشەی ئەکرد ئەیوت: بەم ناوەیا بییتەوە هەر چوار چاوت دەرەکەم!

منیش وتم زڵە زڵ تا بەردێکم نەکێشاوە بەناو چەوانتا

ئەویش غیرەت گرتی زمانی لێدەرکردم منیش بەردێکی حەو کیلۆییم نا بە ناوچەوانیا دەسی کر بە گریان و مینگە مینگ، منیش وتم فینگە فینگ هەسە عەیبە پیاو بگری!

ڕاست رایکرد

ئەم وێنەیەی خوارەوەش من و فەزاییەکەن

باوەڕیش ناکەی برۆ لە ڕۆژنامەی مەریخ نیوز بیخوێنەوە، ئەم رەسمەشی تیایە

**هیوا وریا**

# دایناسۆرەکان




دایناسۆرەکان چەندین میلیۆن ساڵ لەمەوبەر واتە پێش مرۆڤەکان لەسەر زەوی ژیاون، وشەی دایناسۆر بە مانای مارمێلکەی ترسنۆک دێ.

لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ یەکەم ئاسەواری بەجێماو لە دایناسۆرەکان دۆزراوەتەوە.

دایناسۆرەکان بە شێوە و قەبارەی جۆراوجۆر هەبوون، زۆربەی دایناسۆرەکان گۆشتخۆر بوون و کۆمەڵێک لەوانیش گژوگیایان خواردوە.هێندێک لەوان ژیانی بە کۆمەڵیان هەبوو و هەر بە کۆمەڵێش راویان کردوە.

دایناسۆرەکان وەک گیاندارە خشۆکەکانی ئێستا هێلکەیان کردوە.

دایناسۆرەکان ٦٥ میلیۆن ساڵ پێش لەناوچوون بەڵام هەتا ئێستا زاناکان نەیانتوانیوە هۆکاری لەناوچوونیان ببینەوە.



# من ئەمەوێ

من ئەمەوێ کە ئێمەش
وەک منالانی جیهان
ئاسوودە و بەختەوەبین
خۆشی بدەین بە ژیان
وەک ئەوان لێو بەخەندە
دڵ پڕهیواو خۆزگە بین
بۆ ئایندەی نیشتمان
چوون گوڵ و پەپوولە بین
من ئەمەوێ جیاوازی
نێوان مرۆڤ نەمێنێ
لە جیاتی گوللەو بۆمبا
فرۆکە گوڵ بچێنێ

جەبار سابیر

